له ستونه‌كانی میدیاوه‌.. (2)

له‌ كن تالیبانه‌كان گیرابووم.!

بلاٌوكردنه‌وه‌ی جورنالیستی بریتانی : ئیڤۆن ریدلی

وه‌رگێرانی له‌ سویدییه‌وه‌: شێرزاد هـه‌یــــنی
heinisherzad@hotmail.com

**له‌ ده‌فته‌ری ده‌ رۆژه‌ی رۆژانه‌ی " ئیڤۆن ریدلی" له‌ ئه‌فغانستان**

پاش دوو هه‌فته‌ له‌ ده‌نگوباس و هه‌وال و سۆراخی جورنالیستی رۆژنامه‌ی " سه‌ندای ئه‌كسپرێس"، ئیڤۆن ریدلی، ته‌مه‌ن 43 سالٌ له‌ دیوی دووه‌می سنووری ئه‌فغانستان به‌دیاركه‌وته‌وه‌. بۆ ره‌وشی خه‌لٌك و ئازاره‌كانیان پاش لێدانی ئه‌مریكیه‌كان و بریتانیه‌كان چووبوو، ده‌ رۆژ له‌ زیندانی تالٌیبانه‌كان مایه‌وه‌.
دیاره‌ ئه‌و رۆژانه‌یه‌ی له‌ میدیای جیهانی بلاٌوكرایه‌وه‌ و له‌ میدیای سویدیش، وا ده‌قه‌كه‌ی ده‌كه‌ینه‌ كوردی.

---

به‌رنامه‌م وابوو، به‌ كۆشش و ماندووبونێكی زۆره‌وه‌ له‌گه‌لٌ كه‌سی په‌یوه‌ندیدارم بگه‌مه‌ ئه‌فغانستان. له‌ ژووری ژماره‌ 109 له‌ ئوتێلی " كرون پالاس" له‌ ئیسلام ئاباد چاوه‌رێ بوم. ده‌چمه‌ ئه‌و ولاته‌ی برسیه‌تی له‌ناوه‌، بیست و دوو سالٌه‌ شه‌ری تێدایه‌، به‌ ئازادی و ئارامی ژیانی تێدا نه‌بووه‌. خۆم ده‌ترسام له‌ گه‌لٌ ئه‌و كه‌سه‌ به‌ ردێنانه‌ گفتوگۆ بكه‌م. پانتۆلێكی ره‌نگ پاستیلیم له‌به‌ره‌، به‌ په‌چه‌یه‌كی رووی ره‌نگ فه‌یروزی رووم داپۆشیوه‌ و له‌سه‌رم ئالاٌندووه‌ قژم ره‌شكردو به‌ شانه‌ و جه‌لی بۆ دوواوه‌م به‌ردابه‌وه‌، ده‌ستم به‌ ره‌نگ ره‌شكرد.

**رۆژی پێنجشەممە : 27/ ی سپتمبەر**

سەعات پێنج بەئاگاهاتم، بە رێگایەکی بە پێچوپەناوی و ژێر شاخی " هینو کوش" سێبەری بەرەو سنوور بەرێکەوتین. ئەگەر هەموو گومانەکان بێنە پێشم، ئەوە لەسەر سنوور لەلایەن چەکدارانی تالێبانەکانەوە رادەگیرێم، ئەوانەی دەست بە کلاشینکۆفەوە راوەستاون. لێرەوە دەبێ چیرۆکەکەم دەست پێبکات. من ناوم "شمیم"ە و لالم و لەگەڵ پیاوەکەم دەچمە گوندێکی دەڤەری جەلال ئاباد بۆ سەردانی دایکی نەخۆشم. کە گەیشتینە ناوچەی جەلال ئاباد چەکدارەکانی تالیبان لە هەموو کۆلا ن و کوچەکان هەبوون، بەلاّم ژیان ئاسایی بوو. من بێ دەنگ دانیشتم، نوزەم لەبەر نەدەهات. دەبوایە تاکسیەك بەرەو باکووری جەلال ئابادم ببات. ئەو ناوچەیەی کەمپی ئوسامە بن لادنی لێبە.بەلاّم لەبەر پێچەکەی بەرچاوم تونای لەیەك جیاکردنەوە و دبتنم نەبوو. کەوتینە ناوچەیەکی ئەفغانی، دیوارەکانی هەمووی قووری کال بون. ژنێك کە زانی من هەر یەك کیژم هەیە، لێم هاتە زمان و وتی:

هەر یەك مناڵ.!!؟؟ ئێوەی بریتانی و ژنە ئەمریکی هەر یەك، یان دوو منالّتان دەبێت. من دەکارم 15 منالّم ببێت. بەشی هێزی سسەربازیش دەکات، چەندی بیانەوێت هەمانە.

منالّی ئێمە کە لە دایك دەبێت تفەنگ بەدەستە.ئێمە بەردەوام خەبات دەکەین، هەر لە شەردایینـ وەستانمان نییە. بە پەنجەکانی ئاماژەی بە بچوکێك دا.ئەو ژنە بێ ددانە دەبینیت. روو بە خەندەو ئاکار خاوێنە. تەمەنی سەرووی سەد سالّە، وەی ئەگەر ئەمریکیەکان دێنە ئەو دەڤەرە، هلەیەك دەکەن... باشە، بیستمانچە لە شاری نیویورك رووی دا، زانیمان ئەوانەی مردن، کەسانی بێ وەی و مەدەنی بون. من هیوادارم ئەمریکیەکان پێش ئەوەی بۆمبابارانمان بکەن دووجار بیربکەنەوە. ئێمە ناترسێین. چەندی ویستم خەوم لێبکەوێت، نەمتوانی هەر دەترسام.

رۆژی هەینی 28/ ی سپتمبەر دووربابا

لەبەر ئەوەی زۆر ماندوو بوم، خەو نەچووە چاوانم، سەعات پێنجی بەیانی ژوورە ناخۆشەکەم بەجێهێشت، ئەستێرە لە ئاسمانا هێستا دەرەوشانەوە. تاکسیەکە بە رێگایەکی بەردین ئێمەی بەرەو سنوور هاژووت. هەر بیست دەقیقە لە سنوور دوور بوین، ئێمەین وا بەرەو مەبەستی رون دەرۆین. لە تاکسیەکەوە بۆ سەر پشتی گوێدرێژێك، لە شوێنێکی راست خۆم هاویشتە سەر پشتی. لەناکاوا، نازانم بۆ گوێدرێژەکە راپەری. منیش لەسەر پشتی هاوارمکرد، ورتەیەکی ئینگلیزیم لە زار دەرپەری، وشەکە هیچی نەدەگەیاند، بەلاّم دەزانرا وشەکە پشتوو نییە. بەو وشە ئینگلیزییە، هەموو روویان لە من وەرگێرا و دیقەتیان دامێ. ویستم خۆم وا بنوێنم کە من ئافرەتێکی ئەفغانیم، لەو کاتەدا، کامیرەکەم کە لەشانم گرێدابوو، بە دیارکەوت، لەبەر چاوان کەوتە جولە. بروا ناکەم هەرگیز ئاکاری ئەو پیاوە چاوە گەش و کەسکە ئەفغانیەم لەبیر ناچی کەوا یەکەم کەس کامیرەکەمی بینی، تێگەیشتم لە نیگاکەی رزگارم نابێت، مەبەستەکەم هەڵدەوەشێنێتەوە. بروا ناکەم بواری بەختێکم بدات. پیاوەکە بە تورەییەوە بە رووما تەقیەوە، لەسەر پشتی گوێدرێژەکە دایبەزاندمە خوارەوە. کامیرەکەم لەپێشما شۆربۆوە، لە چەند دەقیقەیەکدا جەماوەرێکی زۆرم لێ کۆبۆوە. ئەوەی من دووچاری هاتووم کابوسە.! هەست دەگەم ژان و دەردێکی کوشندەم لێ پەیدابوو. کە لەناو

تاکسیەکەدابومن زۆر ئارام و دڵشادبوم. کە دوور کەوتمەوە، زۆرتر رۆیشتم، خۆم لەناو حەشاماتێکی زۆر دۆزییەوە، خەڵکەکە منیان بە نێچیرو گرتنی منیان بە سەرکەوتن دەزانی.

" هاواریان دەرکرد" جاسوێکی ئەمریکیە، جاسوسە، جاسوس گیراوە..!! پیاوەکەی پێشم ئالایەکی هەڵدەشەقاند، وێنەی " ئوسامە بن لادن"ی پێوەبوو. کەسیان بە زمانی ئینگلیزی نەدەئاخافتن، کۆششم دەکرد لێیان حالی بم. پیاوەکەی تەنیشتم پێچەکەی پێش چاوانم لابرد، هەموویان قژی پەشێوکاو و پیسی منیان لێ بەدەرکەوت. لە ناو ئوتوموبیلەکە دایانبەزاندم، هەر خەڵکم لێ کۆبۆوە، چواردەورم بووە ئاپوورە. هاواریان دەکرد، قیژەیان بەرز دەهات، دیاربوو، تۆڵەی خوێنیان دەویست.

من نیگەران و ترسام بووم، دەمم وشك ببوو. پێڵاوەکانم لە پێ نەمابوو. دوایی خۆمم هاتە پێش چاو. وتم ئەوە من تەواو. بەردبارانم دەکەن، تا مردن بەردبارانم دەکەن. هیوام دەخواست بەیەکەم بەردا ببورێمەوە و تەواو. بیرم لەوە کردەوە، بۆ ژیان و قوتاربونم بگرییم، بنوزێمەوە، دوعا بکەم و بپارێمەوە.

ئەوەم بەبیردا هات، دەبی چەند ژان و ئازارم دەوێت، تا لەناودەچم.!هەرگیز خۆم وا سڕبوو نەدەبوو. بیرم لە جەستەم دەکردەوەن دەبی چیم لێبکەن، ئەدی خودایە بمپارێزە، داوام دەکرد، یارمەتیم بدە. خەڵکەکە هەر کۆدەبونەوەو لێم نزیکتر دەبونەوە و هاوارو پرتەو بۆڵەیان هەر دەهات. ژنێك وورد وورد لەشی پشکنبم. وام دەزانی گاڵتەم لە گەڵدا دەکەن کە پرسیاری ئەوەیان لێکردم، ئایا چەکدارم، چەکم پێیە..؟؟ کەمیچ کشامەوە و رێزە خەڵکەکەش کشانەوە و بۆ دیقەت و نیگایەك نزیك دەبونەوە. ژنێك یەك شەقی تێهەڵدام، نازانم بۆ ئەویان وای کرد، رەنگە بە ژنێکی سووکی زانیبم. دوو پیاو منیان بەرەو ژورێکی سارد برد، لە ژوورەکەدا فەرشێکی جوانی ئەفغانی و چوار دۆشەك و بالیف دانرابوو. زۆر ترسام، بیرم لەوە کردەوە، دەبی لە گرتن لە دونیادا هەبێت. دەفتەرەکەی یادگارنامەکەم لە خوارەوەم شاردبۆوە، باش بوون قەڵەمێکم لەلابوو، لەسەر دیوی دووەمی مقەبای فلچەی ددانشوشتن شتم تۆمارکرد.

شەممە 29/ ی سپتمبەر

جەلال ئاباد

بەهۆی وەرگێڕێکی ئینگلیزی زانی لاوی ئەفغانی کە لە پاکستان فێری زمانەکە ببوو، خۆم پێیان ناساند. دیاربوو، کەسێکی رووخۆش بوو، پێی ووتم، مانگرتنەکەت لە خواردن تووڕەییان دەکات و ئاکامەکەی دەکەوێتەوە سەر خۆت. منیش وەلاَمم دایەوە، هەتا بە تلفۆن لە گەڵ دایکم و رۆژنامەکەم" سەندای ئێکسپرێس" قسە نەکەم و بوارم بۆ نەرەخسێنن، پێیان رابگەێنم کە من گیراوم و، تەندروستیم باشە، هیچ ناخۆم.

سەعات دەورو بەری پێنجی ئێوارە بوو، لەگەڵ زرمەی دەرگاکردنەوەی پاسەوانێك راپەرییم.

" مونیر" ی تفەنگ بەدەست، کە منی وا بە شلەژاویی بینی پێکەنی وتی: ئەمریکی.!!! لە دەست و تفەنگی وا دەردەکەوت، ئامادەی شەرە لە دژی فرۆکەیەکی جەنگی.

یەکشەممە 30/ ی سپتمبەر

جەلال ئاباد

بۆ خواردنی نیوەڕۆ نەجولام، پاشان "حەمید" ی وەرگێر، لەگەڵ سێ پیاوی دەزگای موخابرات هاتنە لام. حەمید وتی، یەککیان بەرپرسەیانە. منیش نیگام لەو کرد، بە ویقار و شکۆ خۆی دەنواند، ردێنێکی گەورە و ڕوومەتێکی گەشی هەبوو. لە چاوەکانیدا یەبلەق بوم. ئەوان دەیانویست لە من بزانن من چۆن گەیشتمە ئەو دەشتەو کێ یارمەتی داوم و کێ هاوکارم بووە، مەبەستم لەو گەشتەمدا چی یە، ئەو دوو پیاوی لەگەڵمدا گیراوون دەوریان چیبووە. پرسیاری لەم جۆرەیان هەبوو. تووڕەییم لە چاوانیان بەدی دەکرد.

لە وەڵامدا ووتم، ئەوەیان کاری ڕۆژنامەوانیە و نابێ نهێنییەکانی بە هیچ شێوەیەك بدرکێنم، نابێ سەرچاوە و بەرنامەکەی لە لای کەس ئاشکرا بکەم. بە هیچ شێوەیەك نابی ئەوە ئاشکرا یکەم کیچ لە ناو ولاتا هاوکاریی کردم. هەروەها ئەوەشم ووتن ئەو دوو کەسی لە گەڵما گیراون هیچ بەرپرس نین. تالیبانەکان لەبەر ئەوەی من هیچم نەخواردبوو، نیگەران بون، بۆیە دکتۆرێکیان نارد هات و فەحسی کردم. دکتۆرەکە وتی پالەپەستۆی خوێنت ئاساییە. هەروەها وتی، وا باشە خواردن بخۆیت، ئەگەرنا دەمریت.

دووشەممە $1/$ ی ئوکتۆبەر

جەلال ئاباد

پرسیارەکان هەموو لە پرسیارەکانی یەکەم سەعاتی لێکۆلینەوەکە دەچوو. هەمان پرسیاریان دەکرد. ڕەوشەکەم بە ئالۆز و نالەبار تێگەیشتم، بۆیە هەستم بە دڵەڕاوکێ و ترس دەکرد. ئەو دوو کەسی لێکۆلینەوەیان لەڤەڵ دەکردم، یەکێکیان ئەکادیمی بوو، ئەوەی تریان پیاوێکی زەبلاحی ردێن سووری گەورە بوو. هەردووکیان تووڕەو توند بوون.

ئەوان دەیانویست بزانن وێنەی چیم لە ولاتا گرتووە، منیش بە ڕاستی وەڵامم دانەوە. ئەوان دەیانویست فلیمەکەم بشۆنەوە، منیش ڕازی نەبووم. ئەوەم چاك دەزانی من لە ولاتەکەیاندا گیراووم و بە بێ ڕەزامەندی و ڤیزا هاتومەتە ناو سنووریان، دانم بەوە دەنا. بۆ ئەوەیان هیچم نەبوو زیادی بکەم.

بیرم لەوە کردەوە، ئەگەر بوارم بۆ برەخسێت رابکەم. ئەوان بواریاندام پەچەکە لە ڕووم بکەم، ئەوەش دەموچاومی دەشاردەوەو لەناو تاریکی شەویشدا دەمتوانم خۆم گوم بکەم. بەڵام ئەوە ناکەم، جێگای ترسە، دەترسام.

سێشەممە $2/$ ی ئوکتۆبەر

جەلال ئاباد

پرسیاری زۆریان هەبوو، لە هەموو پیاوەکانی نزیك منی دەپرسی. ناوی پیاوەکانی بنەماڵەی " ریدلی" یان دەپرسی. بەڕاستی ناوی باپیرم بەبیر نەدەهاتەوە.ئەوان بڕوایان نەدەکرد. کە وتم تەنیا دەژیم، پیاوم لەگەڵ نییە، زۆریان لا سەیر بوو. چۆن، کیژێکم هەیەو پیاوم نییە. سیعات حەوتی ئێوارە بەیەکجاری ئەو ڕۆژە وازیان لێهێنام. بەوە ترسم لێ نیشت، کەسی تر نەهاتەوە لام، منیان تەنیا هێشتەوە، ترسام، بیرم لەوە کردەوە، ئەوەیان دوا هەناسەی ژیانمە. دیار تەواو بویمە. زۆر ترسام. دڵنیا بوم جارێکی تر ناگەڕێمەوە ماڵەوە، تەواو کەس دیار نییە. دیارە لە ناوم دەبەن، دەمکوژن. بیرم لەوە کردەوەن خۆم بکوژم، بەچی خۆم بکوژم، شێوەیەك بدۆزمەوە، شێوەیەك بۆ خۆکوشتنم. بەڵام خۆکوشتن چی سوود و چاکە دەداتەوە.

چوارشەممە $3/$ ی ئوکتۆبەر

جەلال ئاباد

چەند پارچە جلی تازەم دەستکەوت، ئای کە جلکەکان باش بون. کە گیرام جلە ئاساییە ئەفغانیەکەم لەبەر بوو، کراسەکە پیس بوو، جۆری قوماشەکە لە نێوان پۆلستر و جۆری تر بوو. ئەوەی لەبەرم بوو، پانتۆل و کراسەکە نارنجی بوو. کە روویان لێنەدەکردم، دەترسام. منیش ئەو دەمانە گۆرانی: هەپی بێرت دەی" م بۆ کچەکەم، بۆ " دایزی" دەوتوە، ئەو رۆژەوەیە، چەژنی لەدایکبونیەتین ئەو ئەو رۆژە نۆ سالّی تەواو دەکرد. بیرم لەوە دەکردەوەن کەس ناچێتە سەردانی. دوا ئاخاوتنەکەم لە گەڵیا بەبیر خۆم دەهێنایەوە. دەمزانی ئەو دەمانە چەند بەخێرایی پێویستی بە من هەیە. بە هۆشەوە، هەر چاوقوچانێکە دەگەمە لات. دەمویست زۆر زۆر بگریم، دەمویست خەمگینی بنوێنم. لەناکاو ژانێك بەناو جەستەمدا شۆربۆوە، بەراستی نارەحەتی کردم. ئەوەش هەستێکی قوولی رووحانی کورت بوو. ئینجا هەستم کرد من لە دۆزەخدام. من بریارم دا چیتر وەلاّمی پرسیارەکانیان نەدەمەوە. لە سەعات حەوتی ئێوارە بە منیان راگەیاند بەیانی دەگەریتەوە مالّەوە.

پێنجشەممە 4/ ی ئوکتۆبەر

کابول

کاتژمێر پێنج و نیو بە ئاگاهاتم، دەبوایە بە یەك سەعات بۆ سەفەرم بۆ کابول ئامادە بم. حەزم دەکرد پارچە نانێك بخۆم،ئەوە ئەوان دلّشاد دەکات، ئەوان بە دلّشادی من زۆر دلّشاد بون. پیاوێکی ئایینی بالابەرز لێم بەژووریّ کەوتن. پرسیاری بروای ئاینی لێکردم، هەروەها پرسیاری ئەوەشی لێکردم، چۆن لە ئاینی ئیسلام دەگەم. بە قوورگی وشکەوە، وەلاّمم دایەوە، من مەسیحیم، ئەو دەیویست، بزانی من پرۆتیستانتم. یان ئایا من نیازی بەرووژبونم هەیە. لە وەلاّمدا وتم، من خۆم هەر بە ئاینی معجبم، دلّسۆزی و بروای تێدا هەست دەکەم. هەروەها وتم، بە گەرانەوەم بۆ لندن زۆرتر لەسەر ئەو ئاینە دەکۆلمەوە. دووبارە خەندەی هاتیّ و پرسی دیارە دەتەویّ لێرە بمدوێنیت. منیش بە سوپاسەوە وەلاّمم دایەوە و وتم، خۆشحالّ دەبم، بەلاّم هەست دەکەم نیگەرانم. خەندەیەکی هاتیّ و هەلّسایەوە تا بروات.

سەفەر بۆ کابۆل ناخۆشە، رێگاکەی شەش سەعاتی وییست. لەناکاو منیان بەرەو زیندانیّ سوراندەوە. ئەوەیان منی هەژان و زۆر توورەی کردم. بە کۆلاّنێکی تەنگەبەردا منیان بەرەو دەروازەیەك برد، دەرگایەك رووبەرووم بۆوە، بەرەو ژوورێك دەچوو، ژوورەکە زیندانبوو. لە ژوورەکەدا، دوو ژنە ئەفغانی و منالّێکی چاوگریاوی لێبوو. خۆم سووراند و توورەییم لێدەباری، قیژاندم و هاوارم کرد، درۆیان لەگەلّ کردم. رازی نەبووم بچمە ژوورەکە. بەرووی بەرپرسی زیندان و بەناودکتۆرەکە، هاوارمکرد " درۆزن"، " بەراز". ئەوان دەرگای ژوورێکی تریان کردەوە، لەویّ، لە ژوورەکەدا، شەش ژن هاتنە دەریّ، پرسیان چی رووی داوە. ئەوە بۆی سەلماندم ئەوانە ئینگلیزن، ئەوە بۆ من چەند دەهێنێت.

ئێوە بەردەستی دەکەن " من ووتم" من وام دەزانی، ئێوە لە ئوتێلێکی بە تلفزیون و ڤیدیو و خۆشگوزانیەوە زیندانی کراون.

ئەوان کەوتنە پێکەنین. منیش خێرا کێشەی خۆم بۆ باسکردن. سەرینیان بۆ ئەو شەوە دامی، بەو وەزعە زۆر دلّشاد بوم، زۆرم سوپاس کردن، خەنی بوم، کەوتمە ناو کۆمەلە ژنێکی ئینگلیزی زان، هاوریّ ژنم بۆ پەیدا بوو. گەیشتمە ئەو

برواییەی تازە وا بە ئاسانی ئازاد نابم. بیّ دەنگ و لەبەر خۆمەوە دەگریام، بەو وەزعە دەمویست خەوم لیّبکەویّت. هەستم دەکرد دەترسیّم و خیانەتم لیّکراوە. زۆر هەبوون وایان دەزانی بەراستی من جادووگەرم و لە دۆزەخەوە هاتووم.

هەینی5 / ی ئوکتۆبەر

کابول

که لە خەو رابووم، هەستم کرد شەرمم دەکرد. لەگەڵ دوو ژنە ئەمریکیکە و سیّ ژنە ئەڵمانیەکە کەوتمە گفتوگۆ. پیّم وتم، هەست دەکەم بوومە زیندانیەکی ناسراوی جیهان و کیّشەکەم زۆر ئاڵۆزە. ئەوانیش وتیان، لەسەرخۆو هیّمن بە. بەڵاّم من ئەو بریارەم لەلای خۆمەوە دابوو. یەك لە کیژەکان دەستیّ جلی خاویّنی دامیّ، منیش جل و ژیّرکراسە پیسەکانی خۆم بە ئاوی ساردی بالوعەکە شوشت. کە جلە تەرِەکانم بە تیّلەکانی ناو حەوشەکە هەڵخست، ئاگادارکرامەوە دەرپیّ و بنکراسەکانم لەسەر تیّلەکە بشارمەوە، چونکە ژووری نوستنی پاسەوانە تالیّبانەکان لەسەرەوەیەو دەروانیّتە باخچەکە، ئەوەش ئەوان تووره دەکات. من مانگرتنەکەم لە خواردن هەر بەردەوام بوون. بەڵاّم ژنەکان ناویان نابوو بەروژووبون.ئەگەرچی یەك لەوان ئاگاداری کردمەوە، کەوا ئەو، بیست رۆژان وا بەروژوو بوو، هیچی لیّنەکەوتوە.

شەممە 6/ ی ئوکتۆبەر

کابول

بەرپرسی زیندانەکە تا ناونوسم بکات لە ناوەمی پرسی، من رازی نەبووم وەلاّمی بدەمەوە. کە لە جەلال ئاباد بووم، بیستبوم، تالیّبانەکان دەیانەویّت، لەگەڵ گیراویّکی خۆیان لە لندن بمگۆرنەوە.وتیان بۆ ماوەی دوو کاتژمیّر پرسیاری زۆرمان هەیە. کە زانیم، وتم لە داخانە شیّت دەبم. ئەوانە دەسانەویّت بەرەو دۆزەخم رەوانە بکەن. مستر ئەفغان، بە زەردەخەنەیەکی دایکانە، من بەو ناوە بانگم دەکردن، من میّوانم، دەمقیژاندم، من نە میّوانداریتان دەکەم و نە زیندانەکانتانم گەرەکە. زیندانی ئەو ولاتانە بەراستی لە دۆزەخ دەچیّت. لەو ژوورەکەدا دەهاتم و دەچوم و تفم لە ژوورەکە دەکرد. ژنە پاسەوانەکە، تا زۆرتر توورەم بکات وتی، دەزانی لەبەر هەڵسوکەوتە ناپەسندەکانتان زۆرتر سەخلەتت دەکەین. بە وشەی ئازایانە و بە هیّزەوە بە روویدا هاوارم کرد، کە ئازار دەچیّژم، واتە من دەژیم. بەلاّ م راستیان نەدەکرد، هەر بۆ ئەوەیان بوو، لە چاوەرانی ئازاردانا بتلیّمەوە. ئەو قسانە ویّردی سەرزاریان بوو.ئەوەیان بۆ هەموو گیراویّك ئاسایی بوو. جەلادە دەم خەندەکە، لەگەڵ دو کەسی تر هاتنەوە، کە هەستم کرد لە دەرگاکەی ژوورەکەم نزیك کەوتەوەن خۆم راگرت و هەستم راگرت. کابرا بەشلەژاوییەوە، وتی ئیّوە دەتوانن بەو تلفۆنە ستلایتەوە دەتوانن قسە لەگەڵ کەسوکارتان بکەن." تەنیا بواری تۆ نادەین قسە بکەیت، تۆ رازی نیت، هاوکاری بنویّنی، تۆ تفبارانمان دەکەیت" یەکیّکیان وای بە هاوریّکانی ناو ژوورەکەمانی ووت. جەلادەکەش بە خەندەوە هاواری دەکرد، ویستم یەك شەقی لە رووی هەڵدەم. لەو حالەتدا و لەناکاودا، هەستم بە شانازیی کرد، کە من تەنیا هاولاتی بریتانیم لە ناو هەموو گیراوە نایاساییەکانا.

یەکشەممە 7 / ی ئوکتۆبەر

کابل

وەکیلی وەزیری دەرەوەیان، پیاوێکی کورتەبالا و قەلەو بوو، هاتە و وتی، لەم زووانە ئازادا دەکرێت. بەلاّم من دلّنیاییم لە ئاکارە بەدی نەکرا، بۆیە ئەو وتی، خۆت نارەحەت مەکە. هاوارم کرد و وتم، من سەخلەت و نارەحەت نیم، لەوەتی هاتوم بۆ کابول بروام بە کەس نەماوە. لەناکاو دەنگێکی ناخۆش هات، بروسکەیەك لە ئاسمانەوە شریقەی هات. من دیتم، ئەمریکیەکان چۆن بەرپەرچی تیرۆریستەکانیان دایەوە. من نازانیم کابۆل بۆمبابارانکرا، بۆ من هیچ ناگەیێنێت. من هەستم بە جنسیەی خۆم کرد، گۆرانیم بە ئینگلیزی بۆ شکۆی ئینگلترا وتەوە. هەستم بە جولەی هۆرمانا کرد، سوپاسی خودام کرد، بۆ ئەوەی رووی دا.

دوو شەممە 8 /ی ئوکتۆبەر

کابل

خواردنی بەیانیم خوارد، نان و چا بوو. دەرچومە دەرەوە، پرسیم بۆ تا ئێستا هەر ئازاد نەکرام. وەلاّمیان دامەوە، سەبرت هەبێ. منیش لەسەریان هاوارم کرد و وتم، درۆزن. من شەش جگەرەم بەیەکەوە داگیرساند، دووبارە گۆرانیم بۆ شکۆی بریتانیا وتەوە. بەرپرسەکەی ویندانەکە هات و وتی، کاتی ئازادکردنت هات، وەرە دەرەوە. دبلۆماتێك تا سەر سنوور هاورێت دەبێت. بۆ یەکەم جار شاری کابولم بە رۆژ بینی. بەشێکی بۆمبابارانکراوی شارەکەم بینی. بەشەکەتری شار سەلامەت بوو. هەموو سەفارەتەکان چۆلکرابوو. لاماندایە چێشتخانەیەك، ئەوە یەکەم ژەمە پاش مانگرتنەکەم لە خواردن دەیخۆم. بێ دەنگ نانمان خوارد. لە سنوور نزیکبومومەوە، بۆ ئازادییم یەك دیواری ئاسنمان لە نێوان بوو. ئەو دەمە بە شەوق بوم، ئەو سی دەقیقەیە درێژترین کاتی تەمەنم بوو. چاوەرێ بووم تا سنوور دەکرێتەوە. لەناکاوا سنوورکرایەوە و سیارەکە یەك مەتر منی دوورخستەوە. من دوور دەکەوتمەوەن رووناکی کامیری رۆژنامەوانەکان لە روومدا قرشنگیاندا. بەلاّ م من هیچم نەوت. گوێم لە قیژەیەك بوو، دەیووت، مامەلەی تالێبانەکان لە گەلّتا چۆن بوو...؟؟ هەرچی بیرەوەری ئەو دە رۆژەی دواییم هەبوو گەرانەوە. بە شکۆ و رێزەوە خۆم دەرخست، دەمزانی دایکو باوك و هەموو برادەرانم سەیرم دەکەن. نەمدەویست بە شێوایی ببینن.